# کۆنگرەی نەتەوەیی و چەند تێبینییەک

رەوشی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی ناڤین خۆی لە قەیرانێکی قووڵدا دەدۆزێتەوە. دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد،لەناوچوونی سیستمی دوو جەمسەربی جیهانییە قازانجی رۆژئاوا و پارادایمی لیبرالیسمی نوێ، لەناو چوونی ئێراق، دوای شەری ئیراق و ئێران و هەروەها شەڕی ئامریکا لە ئەفغانستان و ئێراقدا و شکستهینانی رۆژئاوا لەو شەڕانەدا، ئەو ناوچەیە تووشی ئالۆزییەک (Chaos) هاتوە کە لە زۆر بارەوە کاردەکاتە سەر رەوشی گەلی ئێمەی کوردیش. سەرهەڵدانی تەڤگەڕی ئازادیخوازانەی گەلانی ناوچە و خەباتی پێ پسانەوەی گەلی ئێمە و بوونی وی بە ئالتێرناتیڤێکی حاشا هەڵنەگر، بە تایبەتی ئەو تەڤگەڕەی کە بەناوی هێڵی سێیەم ناسراوە، پرۆژەی نەتەوە-دەولەتی دەستکردی رۆژئاوای تووشی هەرەسهێنان هێناوە. ئەورۆ ئەو دەوڵەتانە لە هەموو کاتێک لاوازترن و بە تەکانێکی گەلان تێک دەرووخێن.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە، بە هۆی دیکتاتۆری چەندینهەزار ساڵەی دەوڵەت و دین و تاقینەکرانەوەی ئەزموونی دێموکراسیانە و هەروەها رەواکردنی دەسەڵات و دەوڵەت، کۆمەڵگەی مەدەنی نەیتوانیوە گوزارە لە خۆی بکا و بەو شێوە رێوەبەریی خۆی لە دەست داوە. ئەوە بۆتە هۆکاری بە هێزبوونی لایەنە توندرەوە ئیسلامیستەکان کە بە شێوەگەلی جۆراوجۆر لە لایەن دەوڵەتانی ناوچە و هەروەها لە لایەن رۆژئاواشەوە بە مەبەستی بە لاڕێدابردنی ئاراساتەی شۆڕشی گەلان لە ژێر ناوی ئیسلامدا دەست لە جینایەتی باوەڕنەکراو دەدەن دیکتاتۆری لە ژێر ناوی دین بەسەر خەڵکاندا دادەسەپێنن. ئێران، ئەفغانستان، تونیس و میسر تەنیا چەند نموونەیەکن. دارودەستەی تیرۆریست و مرۆڤکوژی ئەلقاعیدە کە کاتی خۆی لەلایەن ئامریکاوە بۆ شەڕ لە دژی کۆمۆنیزم سازدرابوو، ئێستا لە هیچ جینایەتێک لە دژی گەلانی ئازادیخواز خۆی ناپارێزی. رەوشی دژبەر گەلی کوردە کە بە تایبەتی لە باکوور و رۆژئاوای کوردستان وەک ئاکتۆرێکی سەربەخۆ دەستیداوەتە پێکهێنانی ناوەندەکانی سەربەخۆی رێوەبەریی خۆی. لە وەها کاتێکدا هەوڵ و چالاکییەکانی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد وەگەڕ کەوتوون و لەوپەڕی برەوی خۆبان دان. مشتومڕ و قڕە لەسەر بەشداریکردن و نەکردنی هەندێ حیزب و تاقم دەستی پێکردوە. کوردی دیاسپۆڕا لە دەرەوەی بازنەی بەشدارانی داهاتووی ئەو کۆنگرەیە بەتەواوی دەرهاوێژراون.

ڕەهەندێکی دیکەی بیرۆکەی پیکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کە بۆ یەکەم جار لەلایەن بەرێز عەبدوڵلا ئۆجالاْنەوە ئاراستە کراوە، دیتنەوەی زمانێکی هاوبەشی نەتەوەیی بۆ پێناسەکردن و ئاراستەکردنی کێشەی کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت کە خوازیاری سازدانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتە کە لەسەر بنەمای کۆنفیدراڵیزم سەقامگیرە و لەودا هەموو چین و توێژ و بیر و باوەڕ و ئایین و کولتوورەکان وێڕای سەربەخۆیی وخۆڕێوەبەری، خاوەنی کەسایەتی خۆیانن و لە ژیانی ئازادی کۆمەڵگەدا بەشدارن. بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاوا پێویستە تێگەیشتن و خوێندنەوەی هاوبەش لە چەمکەکۆمەلاْیەتی و سیاسییەکانی گرێدراوبە کێشەی کوردەوە هەبێ و ئەو چەمکانە پیناسەیەکی هاوبەشیان لێ بکرێ. بەلاْم کار بەوە کۆتایی پێنایە. چۆنکە تەنیا پێناسەی هاوبەش لە چەمکەکان ناتوانێ ببێتە هۆی هارمۆنی لە کۆمەڵگەدا. بۆ ئەو مەبەستە زمانێکی هاوبەش پێویستە. بەکارهێنانی چەمک دەبێ لەسەر بەستێنی تێگەیشتن و لێکدانەوەی هاوبەش و هەر وەها بەکارهێنانی وەکیەکی ئەو چەمکانەش بێ. هەبوونی زمانی هاوبەش دەبێتە هۆی شێوەی ژینی هاوبەشیش. بە واتایەکی دیکە، خوێندنەوە و تێگەیشتنی هاوبەش لە کێشەی گەلی کورد دەبێ ببێتە هۆی سیاسەت، هەڵوێست و سیراتێژی هاوبەش یان لانیکەم هەوڵدانی هاوبەش بۆ گەیشتن بە مافە گشتیەکانی گەلی کورد وەک نەتەوەیەک، نەک وەک چەند بەشی لێک جیاواز.

لێرەدا ئەوە گرینگە کە هەم بەکردەوە و هەم لە گوتمانی سیاسی و کۆمەلاْیەتیدا، بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بەشێوەکی یەکسان ئاراستە بکرێن و هەوڵی هاوبەش بۆ بەدیهاتنیان بدرێ. ئەوە بە واتای ئەوەیە کە تاکی کورد ئێراقی، ئێرانی، تورکیەیی یان سوریایی نییە بەڵکو لە هەر شوێنێکی ئەو کوردستانە بێ دەبێ وەک شارۆمەندی کورد بناسرێ و مافی تەواوی شارۆمەندییەتی هەبێ. لێرەدا دەبێ هەموو کوردان لەسەر یەکنەتەوەبوونی گەلی کورد یەک بیر بن. خۆ بە ئێرانیبوون یان ئێراقیبوون پیناسە کردن لە دژی ئەو بیرۆکەیە دایە. ئێمە وێنەی هەڵویستی نەتەوەیی لە هاوولاْتیانی باکوورمان بە روونی دەبینین.

باسکردنی ئێرانیبوون و ئەوەی کە حیزبێک کە بۆ وێنە لە باکووری کوردستان سەری هەڵداوە بۆی نییە لە ڕۆژهەلاْت چالاکی بنوێنێ، مل کەچ کردن و مەشروعییەتدان و هەروەها دووپات کردنەوەی ڕۆژانەی دابەشکردنی کوردستانە کە بەداخەوە لەلایەن حیزبە سوننەتییەکانی ڕۆژهەلاْت و باشووری کوردستان بەردەوام دەکوترێتەوە ولە کردەوەشدا سنووری دەستکرد دەپارێزن. ئەو شێوە

رابردوودا دەبێ لەو روانگەیەوە ببینرێ. لەو بوارەدا هەندێک لەو حیزبانە بۆ لەناوبردنی رەقیبەکانی خۆیان تەنانەت ئامادەن لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستانیش مامەڵە بکەن و کردوویانە.

ئەو کۆنگریە لە لایەکی دیکەوە دەبوو ببا بە مکۆیەک بۆ کۆکردنەوە و یەکالا کردنەوەی پۆتانسییەل و تواناکانیگەلی کورد لەدەوری هەوڵدان بۆ گەیشتن بە مافەکانی ئەو گەلە و نوختەی کۆتایی دانان لەسەر ئەو ئالۆزی، بێنەزمی و پرشوبلاویەی کە هێزی سیاسی کورد پێکی هێناوە و بەرای من لە داگیرکەرانی کوردستانی کەمتر زیانی لە گەلی ئێمە نەداوە.

**ئایا ئەو گۆنگرەیە سەرکەوتوو دەبێ؟**

کورد دەڵێ "ساڵی خۆش لە بەهارێ را دیارە". سەرەتای دەستپێکی ئامادەکارییەکانی کۆنگرە هەندێ سیگناڵی نیگەرانی دەنێرێ. ئەوەی کە کەسانێک یان هەندێ هێزیی تایبەتی دەبانەوێ بۆ خۆشیرینکردن و مانەوەی خۆیان لەدەسەلاتدا وەک کەرەسەیەک لە کۆنگرەی نەتەوەیی بە قازانجی خۆیان کەڵک وەرگرن روون و ئاشکرایە. هەندێ حیزب و تاقم ئەوەیان بەروونی نیشان داوە. لە لایەکی دیکەشەوە بەرێوەبەران و بریاردەرانی ئەسڵبی ئەو کارە، رێبەران و سەرۆکانی ئەوە حیزب و تاقمانەن کە لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا، جگە لە بوونە هۆی کاوس و ئانارشی لە ناو گەلی کورددا و خۆهەڵاوەسین بە داگیرکەرێکی بەشێکی دیکەی کوردستان و دژایەتی و شەری دژی کوردی بەشەکانی دیکە چی دیکەیان نەکردوە.

بیری زاڵ بەسەر ئەو رێبەرایەتییانەدا بیرێکی عەشیرەتی لە فۆرمێکی مۆدێرندایە. ئەوەش لە وتەکانی بەشێکی زۆر لەوانەدا بە روونی دەردەکەوێ. بە کورتی هەمووی رێبەرایەتی حیزبە سوننەتییەکان لە سەر دابەشکراویی کوردستاندا و ئەوەی کە هەر بەشەی قۆرغ و پاوانی حیزبەکانی ولاتێکی گریمانەکراو، بۆ وێنە ئێرانە، سوورن.وێنەیەکی هەرە زەقی ئەو دیاعایەیە داخستنی سنووری باشووری کوردستان بەسەر رۆژئاوای کوردستان دایە کە لە لایەن تەنیا یەک حیزب ئەنجام دراوە. ئەو هەڵوێستە لەگەڵ هەڵوێستی ق بەرژەوەندی تورکیا یەکە و رەزایەتی ئامریکاشی کە پشتە. ئەو هەڵوێستە هەروەها پتستیوانی کردنی راستەوخۆ لە کوردکژی تێرۆریستەکانی ئەلقاعیدەیە.

هەندێ لەوانە تا ئەو جێگایەی لە ئێرانی و ئێراقیبوونی خۆیاندا زیادەرەویی دەکەن کە

ئارا دایە کە ڕایەڵەی کۆمەڵگە بە تەواوی شێواوە و ئانارشی جێگای هێمنایەتی و ئاسایش دەگرێتەوە. لەو کاتەدایە کە ئەخلاق بە گشتی بی ناوەرۆک دەبێ.

لەماوەی سی ساڵی رابووردوودا ئێمە کە لە مەیدانی سیاسیدا چالاکیمان نواندوە، تەنیا شایەتی ئانارشی وبێنەزمی لە مەیدانی سیاسی کورددا بووین. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەشەکانی دیکەی جیهان بەرەو ئاراستەیەکی دیار دەڕۆن کە دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گەشەی گەلان. زۆربەی هەرە زۆری جیهان لەسەر هەوڵی هاوبەش بۆ چارەسەریی گرفتە هاوبەشە نەتەوەیی، ناوچەیی، هەرێمی و جیهانییەکان سوورن. ئێمە ئەو ربک نەکەوتنە تەنیا لەناو رێکخراوە سیاسییەکانی کوردیدا دەبینین.

پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو هێزانە دەتوانن گەلی کورد یەکبخەن و بەرەو رزگاری رێبەریی بکەن؟ وڵامی من بۆ ئەو پرسیارە نەرێنییە. زاڵبوونی ئەو بیرەی لەسەرەوەدا ئاماژەی پێکرا، ناتوانێ رێگەی ئازادی و سەربەخۆیی بە گەلی کورد نیشان بدا. کێشەی کورد نە لە تاران و نەلە ئانکارا چارەسەر دەبێ و نە بە ئیمتیازدان بە ئەردۆغان و ڕەوحانیش جێبەجێ دەبێ. کێشەی کورد تەنیا بە دەستی گەلی کورد خۆی لە دەبێ کرماشان، ئامەد، هەولێر، سلێمانی، مەهاباد و سنە چارەسەر دەکرێ. بۆ ئەو بەمەستە، دەبێ نوێنەرانی راستەقینەی گەلی کورد کە باوەڕیان بە رەوابوونی مافی گەلی کورد هەیە و دڵسۆزانە هەوڵی بۆ دەدەن لەو کۆنگرەدا زۆرتر بن. ئەوەی راستی بێت هیچ کەسێک ناتوانێ نوینەرایەتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەو کنگرەیەدا بکات. تەنیا نوێنەرانی راستەقینەی گەل لە رۆژئاوا و باکوورەوەن کە دەنگی گەلی ئێمەیان بۆ نوێنەرایەتی پارلمان پێدراوە.

تەنیا رەهەندێکی ئەرێنی کە لە کۆنگرەدا هەبوونی هەیە، نوێنەرایەتی ئەو بیرۆکەیە کە لە باکووری و رۆژئاوای کوردستان پەیڕەویی لێدەکرێ و خوێندنەوەیەکی تایبەتیی لە کێشەی کورد وەک کێشەی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت هەیە. نەتەوەیەک کە بۆتە گەورەترین قوربانی پرۆژەی دەستکردی نەتەوە-دەوڵەتی بە ناوەندی کراوی یەکدەستسازی داگیرکەر لە مێژوودا. بەمەرجێک ئەو بیرۆکەیە بتوانێ هێژمونی لە کۆنگرەدا مسۆگەر بکا دەتوانین بەو کۆنگرەیە و ئاکامەکانی گەشبین بین. دەنا ئەوەش دەبێتە بازارێک بۆ مامەڵە و خۆنواندن و قازانجی هەندێ تاقم و بنەماڵە کە لە خزمەتی ئێران و تورکیا دان.